# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٤٩ ▌ چوارشەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٤٠٢ _ ٢١ی ژوئەنی ٢٠٢٣

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## لە سێ مانگی بەهاری ئەمساڵدا: کوژران و برینداربوونی ٣٥ کۆڵبەر، دەسبەسەرکردنی ١٧٥ کەس و ئێعدامکردنی ٢٠ بەندکراو




لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا لە کوردستان لانیکەم ٣٥ کۆڵبەر کەوتوونەتە بەر دەستدرێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کە ٧ کەسیان گیانیان لەدەست داوە. ١٧٥ کەس بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی ڕێژیم گیراون کە ٥٩ کەسیان دادگایی و حوکم دراون. هەروەها لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا لانی کەم ١٦ مامۆستا و کەسایەتیی ئایینیی کورد لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەستبەسەر کراون.
لانیکەم ٢٠ بەندکراو ئێعدام کراون و دەیان کەسی مەدەنییش بە تەقەی سەرەڕۆیانەی هێزەکانی ڕێژیم و ئەشکەنجەی بەندکراوان لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا گیان لێ ئەستێندراوە.

بەپێی ڕاپۆرتی «چاونیوز» لە سەرەتای ساڵی زایینییەوە تا ئێستا لانیکەم سزای ئێعدامی ٣٤٦ بەندکراو لە بەندیخانەکانی ئێراندا جێبەجێ کراوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ڕابردووشدا لانیکەم ٥٨٢ زیندانیی ئێعدام کردبوو کە ٦٦ کەس لەوان کورد بوون.

## بەڕێوەین و بەپێوەین

# بەم خاوەندارەتییە کوا ئەم ڕێبازە کوێر دەبێتەوە؟



## مستەفا هیجری: تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە بەخۆداهاتنەوەیە



کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نۆرویژ، ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی جۆزەردان سیمینارێکی سیاسی-تەشکیلاتیی بۆ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزب پێکهێنا.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە باسە سیاسییەکەیدا وێڕای لێکدانەوەی نوێترین گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران و کوردستان باسی لە کاریگەریی ئەو ڕەوشە لەسەر بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان کە شوێنی نیشتەجێبوونی بەشێک لە تێکۆشەرانی سیاسیی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کرد. بەڕێز هیجری لەو بەشە لە باسەکەیدا تیشکی خستە سەر گوشاری بەردەوامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان و دەستێوەردانی ئەو ڕێژیمە لە کاروباری نێوخۆیی عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و؛ گوتی: هەموو ئەو دەستێوەردان و هەڕەشە و هێرشانە بۆ ئەوەیە سەرنجەکان لەسەر شۆڕشی خەڵکی ئێران و کوردستان بەدژی دەسەڵاتەکەیان بەلاڕێدا ببات.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە درێژەی باسەکەیدا بە ئاماژە بە دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم شۆڕشی «ژینا» لە ئێستادا، باسی لە چاوەڕوانییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت هێز و لایەنەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حیزبی دێموکرات کرد و ئەوەی بە نیشانەی سەنگ و قورسایی حیزبی دێموکرات لە هاوکێشە نێوخۆیی و سەرانسەرییەکانی ئێراندا لێک دایەوە کە پێویستە ڕێبەریی حیزب لە سیاسەت و بڕیارەکانیدا ڕەچاویان بکات.

## زەبوونیی ڕێژیم لە هەمبەر ئیرادە و خۆڕاگریی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشدا

ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ١٩ی جۆزەردان زیاتر لە ٣٠ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینای لە شارەکانی سنە، دیواندەرە و دێولان کە سەردانی گڵکۆی شەهیدان لە شارەکانی سەقز و بۆکانیان کردبوو، لە کاتی گەڕانەوەیاندا لەلایەن هێزە حکوومەتییەکانەوە دەسبەسەر کران کە چوار کەسیان منداڵ بوون. ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم پاش چەند ڕۆژ بەشێک لەو کەسانەیان بە مەرجی دانانی بارمتە هەتا کاتی دادگاییکردنیان ئازاد کرد و ژمارەیەک لەوان ئێستاش دەسبەسەر و زیندانین.

زیندووڕاگرتنی خەبات و شۆڕش کە لە کار و چالاکییە ڕەمزییەکانی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینادا بەرجەستە دەبن، ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی زەبوون و تووڕە کردووە، بەتایبەت کە بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە ئێستا بوونەتە پێوەندیی نێوان خۆیان و شەهیدانی دیکەی شۆڕش لە دەرەوەی کوردستانیش. هەروەها وەفاداریی ئەو بنەماڵانە بە ڕێباز و ئامانجی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەوەندە دیکە ڕێژیمی هەراسان و بێهیوا کردووە.

## ناوەندی هاوکاری: عەمەلیاتی نایاسایی هێزەکانی پۆلیسی ئاڵبانی دژی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق مەحکووم دەکەین

**خەڵکی خەباتکار و ئازادیخوازی ئێران و کوردستان!**
**کۆڕ و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ!**

بەپێی ڕاگەیەندراوی دەبیرخانەی شوڕای میلیی مقاومەت، بەیانیی ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی جۆزەردانی ١٤٠٢، هێزێکی سەدان کەسیی پۆلیسی وڵاتی ئاڵبانی لە عەمەلیاتێکی لەناکاو و بەربڵاو لەدژی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵقدا هێرشیان کردە سەر کەمپی ئەشرەفی ٣ لە ناوچەی دورووسی ئەو وڵاتە. لە ئاکامی ئەم پەلامار و تێکهەڵچوونەدا یەکێک لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە کوژراوە و ژمارەیەکی زۆریش بەهۆی لێدانی پۆلیس و بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ و گازی بیبەر بریندار بوون کە دۆخی تەندروستیی هەندێکیان ناجێگیرە. هەروەها بەشێک لە کەلوپەلی دانیشتوانی ئەم کەمپە تێکشکاوە و لەنێو چووە.

ئەم عەمەلیاتە لە کاتێکدایە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ڕۆژاوا و بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشتر پابەندیی خۆیان بە دابینکردنی ئەمنییەت و پاراستنی گیانی ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵق ڕاگەیاندووە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەم کردەوەیەی وڵاتی ئاڵبانی لە قازانجی کۆماری ئیسلامی و لە ئاراستەی مانەوەی ئەو ڕێژیمە لەم کاتە هەستیارەی هاوکات لەگەڵ خەباتی خەڵکی مافخواز و نەتەوە چەوساوەکانی ئێران دژی ئەو ڕێژیمە کۆنەپەرەستە و هەروەها وەک هەوڵێک لەدژی هێزە ئازادیخوازەکان لە دەرەوەی ئێران دەزانێ. لەگەڵ ئەوەدا ئەم هێرشە هاوتەریب و هاوکات لەگەڵ وەگەڕخستنەوەی ماشێنی لەسێدارەدان و ڕەشەکوژی و دەزگای سەرکوتی ئەو ڕێژیمە لە نێوخۆ و لەشکەرکێشی و هەڕەشەی ئەنجامدانی هێرشی مووشەکی و درۆن لەدژی پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان دەبینین؛ هەر بۆیە داوا لە کۆمەڵگەی جیهانی و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ دەکەین لەم بارەوە بێدەنگی نەنوێنن و وێڕای مەحکوومکردنی جددی ئەم پەلامارە نایاساییە کە دژ بە پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانە، لە ڕێگەی فشارخستنە سەر دەوڵەتی ئاڵبانی ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە کردەوانە بکەن و ئەمنییەتی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە بەپێی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی پەیوەندیدار بە پەنابەران و پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ و کۆنڤانسیۆنی مافی مرۆڤی ئورووپا دەستەبەر بکەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٣٠ی جۆزەردانی ١٤٠٢ی هەتاوی**


**ئایا زستانی ئەتۆمی بەڕێوەیە؟**
د. محەممەد حوسێنزادە
**٤**

**سیاسەتی تاسە شەشپاڵووەکان**
ڕامیار مەهابادی
**٥**

**کورد لە ڕێککەوتننامەی سێڤەردا**
مستەفا مەولوودی
**٦ – ٧**

**کۆتا لاپەڕەکانی پۆپۆلیزمی مەزهەبی کۆماری ئیسلامی**
ڕەزا دانشجوو
**٨**

**دوای سەدەیەک ئێمە و ئەوان**
ئەلبورز ڕووییندەن
**١٠**

## مستەفا هیجری:

# نەمانی کۆماری ئیسلامی هاوتایە لەگەڵ لەنێوچوونی پێگەی سەرەکیی گرووپە تیرۆریستییەکان و گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایش بۆ ناوچە و جیهان

### (دەقی قسەکانی کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنفرانسی شۆڕش بە پێشەنگایەتیی ژنان لە ئێران- پارلمانی ئورووپا)




**کات باش!**

پێش ئەوەی قسەکانم دەست پێ بکەم بە پێویستی دەزانم سپاسی ئەنیستیتۆی کورد لە برۆکسێل، سۆسیال دێموکراتەکان، فراکسیۆنی سەوزەکان و پلاتفۆرمی ئێرانی دێموکراتیک بکەم بۆ ئەو دەرفەتەی ڕەخساندوویانە هەتا سەبارەت بە داهاتووی ئێران و هەروەها ڕوانگەی نەتەوە حاشالێکراوەکان هەندێ باس پێشکەش بکرێت.

هەرچی ئەمڕۆ دەیڵێم ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، بەڵام هاوکات هەوڵ دەدەم ڕوانگەیەکی گشتی و هەمەلایەنەتر بخەمە ڕوو کە ڕەنگدانەوەی خواست و ویستی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بێت.

**خوشک و برایانی بەڕێز!**

لەو ڕۆژەوە کە گیانی "ژینا"یان ستاند، کەشی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی ئێران بەرەو گۆڕانێکی بنچینەیی ڕۆیشت. گۆڕانێک کە خەڵک لەلایەک و کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەیەتی. بە واتایەک، هیچکەس ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە کۆماری ئیسلامی نوێنەرایەتیی خەڵکی ئێران دەکات، واتە دووپاتکردنەوەی چیرۆکێک کە بۆ ماوەی چوار دەیە بە ناوی میانەڕەو و توندڕۆ کۆمەڵگەی جیهانیی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو.

تێچوویەک کە خەڵک لە چەند مانگی ڕابردوودا لەپێناو گۆڕانکاری لە ئێراندا داویانە، کەم نییە؛ زیندانیکردنی هەزاران کەس، لەسێدارەدانی بێوچان کە بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لەچاو ساڵی ڕابردوو سەتا ٨٠ زیادی کردووە، سەدان بریندار کە نموونەی بەرچاویان لەدەستدانی بینایی ژمارەیەک لە هاووڵاتییانە و ڕەشەکوژی لە زاهیدان و جوانڕۆ و شارەکانی تر، هەموویان دەرخەری ئەوەن کە ئەوەی خەڵک تووشی هاتوون سیستەمێکی نامرۆییە کە کوشتن، دەستدرێژی، ئەشکەنجە، لەسێدارەدان و بێگومان تیرۆر بەشی دانەبڕاوی شوناسیەتی.

ئەوەی لە ئێراندا دەستی پێ کردووە شۆڕشێکە کە ئێمە بە "شۆڕشی ژینا" ناوی دەبەین، بەڵام ئەم شۆڕشە بە شێوەیەکی بنچینەیی لە هەموو ئەو شۆڕش و گۆڕانکارییانەی کە لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوو لە ئێراندا ڕوویان داوە جیاوازە. جیاوازیی سەرەکیی ئەم شۆڕشە دەگەڕێتەوە بۆ توانا گوتاریی و کردەییەکەی.

شۆڕشێک کە خوازیاری تێپەڕین لە دوو قۆناغی نامرۆیی و نادێموکراتیک لە ئێراندایە. واتە قۆناغی پاشایەتیی ڕەها کە تێیدا شوناسێک بەسەر هەموو شوناسەکاندا دادەسەپا و ئاسیمیلاسیۆن و تواندنەوە و نکۆڵیکردن لە شوناسەکانی تر جگە لە شوناسی قەومی خاوەنئدەسەڵات بوو بە بەرنامەیەکی ڕێکخراو و سیستماتیکی دەسەڵات. هەر لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و ویلایەتی ڕەهای فەقیهـ سەپاندنی مەزهەبێکی تایبەت بەسەر ئایین و مەزهەبەکانی تردا بووە بەرنامەی کاری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی. بەڵام خاڵی هاوبەشی هەردوو قۆناغەکە دیکتاتۆری و پاوانخوازییە.

ئەوەی لە هەناوی شۆڕشی ژینا بە دروشمی ستراتێژیکی "ژن، ژیان، ئازادی" خۆی نواند، بریتییە لە تێپەڕین لە ڕابردوو و لە ئێستا بۆ خستنەڕوو و وێناکردنی "ئێرانێکی نوێ". ئێرانێک کە لەسەر بنەمای ویست و ئیختیار دابمەزرێت نەک بەسەرداسەپاندن و ناچارکردن. هەروەها ئێرانێک کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ جێی حوکمی ڕەها بگرنەوە.

تێپەڕین بەرەو کۆمەڵگەیەک کە تێیدا بەها و بایەخگەلێکی وەک ژن، ژیان و ئازادی بنوبنچینە بن، ئاسان نییە. پێش هەموو شتێک ئێمە لەگەڵ ڕێژیمێک بەرەوڕووین کە هێمای پەتیی دڕندەیی و دیکتاتۆرییە. هاوکات بەرەوڕووی کولتوور و گوتارگەلێکین کە ماوەی چەند دەیەیە خوویان بە لێکدانەوەی پاوانخوازانە گرتووە و باوەڕیان پێی هێناوە. لەم دۆخەدا گۆڕانکاری پێویستیی بە کات، پشتیوانی و تێگەیشتن لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە زیندووەکانی نێو قەوارەی سیاسیی ئێران هەیە.

ڕوانگەی ئەو خەڵکەی هەموو ڕۆژێک ئەزموونی هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆماری ئیسلامییان هەیە جیاوازە لە تێڕوانینی بەشێک لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات. چونکە خەڵک بەدوای دارشتنەوەی چیرۆکە خەیاڵییەکانی ڕابردوو و سەپاندنی بیروبۆچوونەکانی خۆیان نین، بەڵکوو هەوڵی بنیاتنانەوەی ئێرانێکی جیاواز دەدەن کە تێیدا "پەراوێز" جێگایەکە شیاوی ئەوەیە بکرێتە سەرمەشق، نەک ئەوەی حاشای لێ بکرێت. هەر بۆیە لە شەقامەکانی تاران درووشمیان دەدا: "تهران بشه کوردستان، ایران میشه گلستان" [بێتوو تاران ببێتە کوردستان، هەموو ئێران بووەتە گوڵستان]. بە واتایەکی تر، نەوەیەک کە خوازیاری ئێرانێکی نوێیە، بەختەوەریی خۆی لە خۆشبەختی و ڕزگاریی ئەوانی تردا دەبینێتەوە نەک لە نکۆڵیکردنیان، هەر ئەمەش وای کرد خەڵکی دنیا لەگەڵ شۆڕشی ژینا هاودڵ و هاوسۆز بن.

نەوەی نوێی ئێران خوازیاری پەیوەستبوون بە کۆمەڵگەی جیهانییە. خوازیاری دابەشکردنی بایەخە جیهانی و مرۆییەکانە. خوازیاری بەدیهێنانی بەستێنێکە کە تەنیا لە کۆمەڵگە ئازاد و کراوەکاندا دەلوێت، نەک لە جیهانێکی ئایدۆلۆژیک و دەستە و تاقمگەرا و لێوانلێو لە تاواندا کە کۆماری ئیسلامی و پاوانخوازەکان نوێنەرایەتیی دەکەن.

هەرچۆنێک بێ گۆڕانکارییەکان چوونەتە قۆناغێک کە گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێش شۆڕشی ژینا ئەستەمە؛ بەڵام تێکۆشان، گیانبازی و خۆڕاگریی خەڵک پێویستی بە هاریکاری و پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانی هەیە. پشتیوانییەک کە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی توانای سەرکوتکەران و زۆربوونی هێزی خەڵک.

ئێمە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا خاوەن گوتار و بایەخگەلێکی ڕوون و تایبەتین. ڕوانگەی ئێمە سەبارەت بە داهاتووی ئێران ڕوانگەیەکە زیاتر لە یەک سەدە و بە شێوەیەکی تایبەتی‌تر زیاتر لە چوار دەیەیە لەپێناویدا خەبات دەکەین. ئەوەی خەڵکی کوردستان دەیانەوێت، ئێرانێکە کە تێیدا شوناسی کوردستانیبوون لەئەمنوئەماندا بێت، بەجۆرێک کە حاشا لە زمان، کولتوور، مێژوو و نیشتمانیان نەکرێت، بەڵکوو کوردستانی بوون وەک شوناسێک کە هەیە و خاوەن بایەخگەلی تایبەت بە خۆیەتی بە فەرمی ددانی پێدا بنرێت. ڕوانگەی ئێمە مەیلەو لێکتێگەیشتن، پێکەوەژیانی دڵخوازانە و بنیاتنانی دەسەڵاتێکی سیاسییە کە دەستەبەری شوناسی کوردستانی بێت نەک ئەوەی هەڕەشە بێت لەسەری.

بە دیاریکراوی ئێمە خوازیاری سیستەمێکی لامەرکەزی و فیدرالین کە کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ، تورکمەن، لوڕ، مازەنی و فارس بتوانن تێیدا ئازادانە و شێوەیەکی دێموکراتیانە هەرێمەکانی خۆیان ئیدارە بکەن و هاوکات بەربەستێک بن بەرامبەر سەرهەڵدانەوەی هەرجۆرە سیستەمێکی پاوانخواز لە داهاتوودا، چونکە دابەشکردنی دەسەڵات و لە ئەنجامی ئەوەشدا هاوسەنگی هێز دەرفەت بۆ سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆرییەکی تر ناهێڵێتەوە.

هەوڵی کورد بۆ لێکنیزیکبوونەوە و هاودەنگی و هاوکاریی بەرامبەر کۆماری ئیسلامی زیاتر لە چوار دەیەیە بەردەوامە. بەتایبەتی لەم چەند مانگەی دواییدا هەوڵمان داوە بەدیهێنەری یەکگرتوویی و هاوکاریی بین. بەڵام ئێمە بۆ بنیاتنانی ئێرانێکی نوێ هەوڵ دەدەین نەک بۆ بونیاتنانەوەی شێوازێکی تری پاوانخوازی. بۆ گەیشتن بە ئێرانێکی دڵخواز تەنیا خەڵک و ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی بەس نین، بەڵکوو لەم ئاراستەیەدا کۆمەڵگەی جیهانیش یەکێکە لە ئەستونە سەرەکییەکان.

ڕووخانی کۆماری ئیسلامی چەندە بۆ خەڵکی ئێران قازانجی هەبێت، ئەوەندەش بۆ کۆمەڵگەی جیهانی گرینگە. نەمانی کۆماری ئیسلامی هاوتایە لەگەڵ گەڕانەوەی سەقامگیری و ئاشتی بۆ زۆرێک لە وڵاتان، لەنێوچوونی بنکەی سەرەکی گرووپە تیرۆریستییەکان و هەروەها بە واتای ئەمن و ئاسایشی بزووتنەوەی ڕزگاریبەخشی ژنانە. بزووتنەوەیەک کە خوازیاری ددان پێدانانی فەرمی و دووپاتبوونەوەی ئەم ڕاستییەیە کە "ژنان توانای بەدیهێنانی ئەوەیان هەیە کە دەیانەوێت". هاوکات دەبێتە هۆی بووژانەوەی هێزە سێکۆکار و مەدنییەکانی ناوچە کە دەیان ساڵە لەلایەن کۆماری ئیسلامی و ڕەوتە توندڕۆکانەوە پەراوێز خراون.

لە کۆتاییدا، ئەوەی پێویستە لێرەدا، لە پارلمانی ئورووپا جەختی لەسەر بکرێتەوە بەرجەستەکردنی ئەو بابەتەیە کە بزووتنەوە شوناسخوازەکان کە لە ئێراندا سەریان هەڵداوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهێزتر دەبن، خۆیان وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی جیهانی پێناسە دەکەن. ژنان هەڵسووڕێنەری شۆڕشی ژینان کە وەک بزووتنەوە شوناسخوازەکانی دیکەی ئێران دەیانەوێت بەفەرمی ددانیان پێدا بنرێت. سیستەمی داهاتووی ئێران پێویستە دان بەو شوناسانەدا بنێت، ئەمەش پێویستیی بە پشتیوانیی کردەیی و بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانییە.

پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی جیهانێکی ئەمنتر و سەقامگرتووتر، چونکە زەینییەت و خەونی نەوەی ئەمڕۆی ئێران هەڵگری ئەو بەها و بایەخانەیە کە کۆمەڵگەی جیهانییان لەسەریان بنیات نراوە. ئێمە لە کوردستاندا وەک بەشێک لەم بزووتنەوە گشتگیرەدا خۆمان لە دەرەوەی بازنەی ئەم بایەخە جیهانییانە پێناسە نەکردووە و بەردەوام هەوڵی بنیاتنانی سیستەمێکی بەرپرسیار و دێموکراتیکمان داوە. دڵنیا بن وەک چۆن کوردستان لە شەڕی دژ بە بناژۆخوازی قەڵغانێک بوو بەرانبەر تێرۆریستەکان، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ئێرانیش بەدەر لەم پڕەنسیپە نییە، چونکە بۆ ماوەی چوار دەیە بە تاقی تەنیا بەرانبەر گەورەترین دەوڵەتی پشتیوانی تێرۆر لە جیهاندا خۆڕاگری کردووە و لە ئێرانی ئازاد و ڕزگارکراوی داهاتووشدا لە ڕیزی ئازادیخوازان و جیهانی خاوەنشارستانیەت ڕادەوەستێ.

# کۆچی دوایی کاک عیسمەت عەبدی، ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات




کاک عیسمەت عەبدی، تێکۆشەری سیاسی و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەهۆی جەڵتەی مێشک لە وڵاتی هۆڵەند کۆچی دوایی کرد.

کاک عیسمەت عەبدی کە ڕۆژی دووشەممە، ٢٢ی جۆزەردان (١٢ی ژوئەنی ٢٠٢٣) ژینئاوایی لە خەڵکی کوردستان و هاوسەنگەرانی کرد، ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی (١٩٥٥ی زائینی) لە گوندی "ساکان"ی ناوچەی "سۆما"ی ورمێ لەدایک ببوو.

کاک عیسمەت دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونەوەی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا وەک لاوێکی خوێندەوار و خاوەنهەستی نەتەوەیی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی بۆ خەبات و تێکۆشان هەڵبژارد. ئەو وەک کادرێکی تەشکیلاتی لە ناوچەکانی سۆما، ئەنزەل و کەناربەڕۆژ ئەرکیی حیزبیی گرتە ئەستۆ و دواتر وەک بەرپرسی تەشکیلات لەو ناوچانە ناووناوبانگی دەرکرد.

کاک عیسمەت عەبدی خەزەڵوەری ١٣٦٣ لە چیای "شێخ بازید"ی ناوچەی سۆما لە شەڕێکی قورس و نابەرابەری هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هێزی کۆک و پۆشتەی ڕێژیمدا بەتوندی بریندار بوو، بەڵام دوای سارێژبوونەوەی برینەکانی، بەورەتر لە جاران لە ڕاپەڕاندنی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیدا بەردەوام بوو.

کاک عیسمەت عەبدی بەهاری ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بوو بە ئەندامی ناوەندی ئاگری و بەرپرسی کۆمیتەی ئاڕاڕات و لە کۆنگرەی ٧ی حیزبدا کە هەر لەو ساڵەدا گیرا، بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا و بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەڵماس و ئەندامی مەڵبەندی شیمال دیاری کرا. دوای ڕووداوەکانی کۆنگرەی ٨ کاک عیسمەت هەتا ساڵی ١٣٦٩ کە کوردستانی بەرەو دەرەوەی وڵات بەجێ هێشت و دواجار لە وڵاتی هۆڵەند گیرسایەوە، کادری تەواووەختی حیزب لە چەندین ئۆرگانی دەوروبەری ڕێبەرایەتی بوو.

نەمر عیسمەت عەبدی مرۆڤێکی پاک، سادق، دڵسۆز و بەئەزموون بوو. ئەو خەباتگێڕێکی جێی متمانە و بەوەفای ڕێبازی حیزبەکەی بوو. لە کار و ئەرکی حیزبیدا شێلگیر و بەمشوور بوو. بۆیە بە کۆچی دوایی کاک عیسمەت، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشەریکی بەوەفا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کادرێکی خەباتکار و بەئەزموونی خۆی و، دەڤەری شیمالی کوردستانیش کەسایەتییەکی جێی متمانە و هیوای دوارۆژی لەدەست دا .

حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و هاوسەنگەرانی کاک عیسمەت عەبدی و خەڵکی شیمالی کوردستان دەکات و خۆی بە بەشداری خەمیان دەزانێت.

